# ڕیفراندۆمی هەفتانە

Referendum for Kurdistan

ژمارە 16

بڵاوکراوەی کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان

سەرنوسەر: پرشنگ احمد

www.kurdistanreferendum.net

12 ی شوباتی 2005


# دژی هەرەشەکانی سیستانی بۆ سەپاندنی حکومەتی ئیسلامی ڕاوەستن

## سەرووتار




پرشنگ احمد

prshng@aol.com


پرۆژەی دیموکراتی ئەمریکا لە عێراق خەریکە خەونی دەیان سالەی ئیسلامی سیاسی لە خۆرهەلاتی ناوەراست ئەهێنێتە دی بە دانانی دەستور و حکومەتی ئیسلامی لە عێراقدا. رەنگە کەسانێك بلێن ئەمە دروست نی‌یە چونکە دوژمنی گەورەی ئەمریکا ئەمرۆ دەسەلاتی ئیسلامە و ئەمریکا رێگە بە دەسەڵات پەیدا کردنیان نادات لە عێراقدا . بەڵام راستی ئەوەیە کە ئەمریکا بەدوای چارەسەرێکی خێرا و مومکینەوەیە لە عێراق تا بنکەکانی خۆی جێگیر بکات و ناوی ئیحتلال لەسەر خۆی لابەرێ و بە ناوی ئیتفاقەوە بمێنێتەوە لە عێراق . هەر بۆیە حکومەتی دامەزراو لە عێراق لە هەر شکلێکدا بێت بۆ ئەمریکا ئەوە گرنگە کە ئەم حکومەتە ملکەچی خۆی بێت و بەرژەوەندیەکانی بپارێزێت لە مەنتیقەدا بۆ ئەمەش ئامادەیە ماف و چارەنوسی ملیۆنەها خەڵکی عێراق بخاتە ژێرپێ و رەحمەتی دەستور ودەوڵەتی ئیسلامی و ئیدعای‌ئەوە بکات کە ئەمە دیموکراتی‌یە و خەڵکی عێراق خۆیان ئەمەیان دەوێ.

ئاشکرایە کە لە ژێر سایەی حکومەتی شەریعەتی ئیسلامدا هەر دوای جێگیر کردنی دەسەڵاتی ئیتر مەبادیئی وەك دیموکراتی، مافی مرۆڤ ، ئازادی بیرورا ، یەکسانی ئینسانەکان و لە سەروو هەموویانەوە یەکسانی ژن و پیاو هیچ مانایەکیان نابێت و خەڵکی عێراق دەبێ بە ناوی یەك نەتەوەی ئیسلامی ملکەچی یەك فەرمان و.......

بۆ ل 4

عەلی سیستانی ڕۆژی 6ی شوبات لەبەیانیکی مەکتەبەکەیدا ڕایگەیاندوە"ئیسلام لە دەستوری هەمیشەیی عێراقدا دەبێت تاکە سەرچاوەی یاسادانان بێت لە عێراقدا" و " جیاکردنەوەی دین لە دەولەت ڕەفز دەکاتەوە و خەتەری ئاکامەکانی هێورناکاتەوە".هاوکات ئاماژەی بە یەکسانی ژن وپیاویش کردوە کە وەك هەربەندێکی تر کە لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامیدا نەگونجێت دەبێت لابرێت و ئەم خاڵانە سازش ومساوەمە هەڵناگرن.

ئەم ڕاگەیاندنەی سیستانی چاوەڕوانکراوبوو لەبەرئەوەی نەخشەی فشارهێنانی ئەو بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان لەساڵی پاردا بۆ بەدەستهێنانی هێز بوو لە هەڵبژاردنەکانەوە بۆ سەپاندنی دەستور ودەسەلاتی ئیسلامی لە عێراقدا .
ئەم چارەنوسە رەشەی سیستانی و دەسەلاتەکەی بۆ عێراقیان بەدیاری هێناوە لە هەڵبژاردنەکانەوە هەمان ئەو

ل4

## کۆنگرەی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەم زووانە ڕادەگەیەنین



چاوپیکەوتن لەگەڵ ئاسۆ کمال بەرپرسی کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان سەبارەت بە پێکهیانی کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان .

لاپەرە 2

**چاوپێکەوتن لەگەڵ نوێنەرانی کەمپینی رفراندوم بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە وولاتانی دەرەوە سەبارەت بە هەرەشەکانی سیستانی و کارەکانمان بۆ پێك هێنانی کۆنگرەی رفراندوم بۆ سەربەخۆیی کوردستان**



سیروان ئەمین - فنلەند

**لەم ژمارەیەدا :**

سیروان ئەمین — فنلەند
sirwanlatif@yahoo.co.uk

فازل عوسمان — سویسرا
fadhleshwan@yahoo.com

هیدایەت مەلا عەلی - دانمارك
Hidayat_malaali@yahoo.com

وەڵام دەدەنەوە لە لاپەرە 4و 6دا .

## زێباری ئایندەی بێ‌ئیعتباربونی یەکێتی وپارتی لە رفراندۆمدا دەبینێتەوە

ل3

## چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاسۆ کمال بەرپرسی کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان سەبارەت بە پێکهێانی کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان .

**رفراندۆمی هەفتانە : سەرەتا دەمانەوێت بۆ خوێنەرانی "رفراندۆمی هەفتانە"ی ڕوون بکەنەوە کە بیرۆکەی پێکهێنانی کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە کوێوە سەری هەڵدا؟**

**ئاسۆ کمال :** سەرەتا سوپاس بۆ ئەم چاوپێکەوتنە.لەکۆبونەوەیکدا کە باسمان لەسەر کاری دەورەیەکی ئێمە بوو لەسەر رفراندۆم و باسی نەخشە و چالاکیەکانی کەمپینی رفراندۆمم کرد لە پێش هەڵبژاردنەکانی عێراقدا ، هاوڕێ کورشی مەدرسی بیرۆکەی پێکهێنانی ڕێکخراوەیەکی جەماوەری بەناوی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان خستەڕوو. دواتر ئێمە وەك کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان خستمانە چوارچێوەی نەخشە و دەستوری کارەکانی خۆمانەوە . لە سەرەتای مانگی دیسەمبەردا لە لەندەن کۆنگرەمان بەست و کردمانە یەکێك لە بەندەکانی پەیامی کۆنگرە و دواتر لە کوردستانیش دوای دیدار و گفتوگۆ لەگەڵ چەندین کەسایەتی ولایەنی سیاسی وجەماوەری ئەم مەسەلەیەمان کردە میحوەرێکی گرنگی کۆنفرانسی سلێمانی و ەو کۆنفرانسەدا جگە لە ووتاری کرانەوەی کۆنفرانس و باسکردن لەسەر گرنگی پێکهێنانی ئەو ڕێکخراوە جەماوەریە ، پەیامی کۆتایی کۆنفرانسیش برگەیەکی تایبەت کرا بە کاری جدی بۆ چۆنیەتی دەست بەکاربون لە کوردستان ولەدەرەوە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە و لە کۆتاییدا لیژنەیەکی بەدواداچوونی کارەکانی کۆنفرانسی تێدابوو کە بەشێکی سەرەکی کارەکانی بۆ مەسەلەی دامەزراندنی کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان تەرخان کرا.

هاوکاتیش ئاگادارن کە پلنۆمی ئاخری کۆمیتەی ناوەندی حزبی کۆمۆنیستی کریکاری عیراقیش ئەم بیرۆکەیەی کردۆتە نەخشەی خۆی و هاوڕێ ئەمجەد غەفور لە کوردستان بۆ ئەم مەبەستە کاری کردوە و چەندین کەسایەتی ڕۆشنبیری و سیاسی بینیوە و ئێستا هەردوکمان پێکەوە کاردەکەین و بەم زووانە دامەزراندنی کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان ڕادەگەیەنین.

**رفراندۆمی هەفتانە : ئامانجتان لە دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوەیە چیە ؟**

**ئاسۆ کمال :** بێگومان ئاگاداری چالاکی و سیاسەتی ئێمەن لە ساڵی 1995 ەوە ئێمە کار دەکەین بۆ بەرپاکردنی رفراندۆمێکی ئازاد لە کوردستاندا و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی سکۆلار،کە دەستورەکەی لەسەر بنەمای مافی یەکسان بۆ هاوڵاتیان بەبێ جیاوازی نەتەوە ورەگەز و زمان و دین و مەزهەب داڕێژرابێت. لەساڵی 1999ەوە ئێمە ئەم کارەمان لە چوارچێوەی کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان دا بردۆتە پێشەوە و خاوەنی گۆڤار و سایت و ئامادەبون لە میدیاکاندا و هەروەها چالاکی جەماوەری کۆڕ و پانێل و کۆنفرانس و کۆنگرە و ئاکسیۆنی جۆراوجۆر مان ئەنجامداوە بۆ ناشاندن وجێگیرکردنی مافی رفراندۆم وسەربەخۆیی کوردستان. وە بەگشتی کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان ئیستا هێزێکی بەنفوز و چالاکە کە پشتیوانیەکی سیاسی و جەماوەری و نێونەتەوەیی لە کوردستان ولەدەرەوە هەیە ، نمونەکانی چالاکیەکانی چەند مانگی ڕابردووی لە ئەوروپا و لە کوردستان ئەم جێگاو نفوزەی کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان نیشانداوە.

بەلام بێگومان ئەرکی بەرپاکردنی رفراندۆمێکی ئازاد لە کوردستاندا کە خەڵکی کوردستان بەڕاستی بکاتە خاوەن مافی دیاریکردنی چارەنوسی کوردستان و دامەزراندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ لە کوردستاندا کارێکی ئەوە گەورە و گرانە ئەم هەوڵانەی تائێستای ئێمە تەنها سەرەتایەکن بۆی و ناکرێت بەم چوارچێوەی کەمپینەوە ئەم ئەرکە ئەنجام بدرێت. هەربۆیە ئەمڕۆ دامەزراندنی کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان تەنها گۆڕینی ناوی کەمپین بە کۆنگرە نیە بەڵکو باسمان لەسەر بردنە سەرەوەی ئاست و نەخشە وستراتیژی سەرجەم ئەم بزوتنەوەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستانە تا ئاستی ڕێکخراوەیەکی جەماوەری کە لە کوردستان ڕیشەی لە ناو جەماوەردا داکوتیبێت و لەهەموو شارو شارۆچکەکان چالاکی و نفوز و ڕێکخراوی هەبێت و ببێتە هێزێکی گۆڕەپانی سیاسی کوردستان کە بڕیاردەر و کاریگەر بێت لەسەر یەکلایکردنەوەی چارەنوسی کوردستان .

هەروەها لە ئاستی دەرەوەش لەلایەك پشتیوانیەکی نێونەتەوەیی بەرفراوانی لە ئەوروپا و ئەمریکا وئوسترالیا بەدەست بێنێ و ئەم پشتیوانیەی ئێستا بەدەست هاتوە فراوان بکاتەوە و هاوشانی حزبی سەوزی سویدی و ئەندام پەرلەمانەکانی حزبی سەوزی بەریتانی و لەیبەر و لیبرال دیموکرات ، دەیان حزبی تری وەك حزبی سەوزی ئەلمانی و پەرلەمانی سویدی و پەرلەمانی ئەوروپی و هێزێکی نیونەتەوەیی کاریگەر بۆ پشتیوانی لە رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان دروست بکات . لەلایەکی تریشەوە جالیەی کوردی بەدەوری ئەم ڕێگاچارەیەدا کۆبکاتەوە و وەك هێزێکی کاریگەر دەربکەوێت.

ئێمە مۆدیلی کۆنگرەیەکی لە چەشنی کۆنگرەی جەماوەری دژی ئاپارتایدی باشوری ئەفریقا کە نیلسۆن ماندیلا لیدەری بوو ، بۆ خۆمان داناوە و ئەزانین ئەمە کارێکی گەورە و سەختە و تەنها ناو و ڕاگەیاندنەکەی مەبەست نیە بەڵکو

....ل 4

# زێباری ئایندەی بێئیعتباربونی یەکێتی وپارتی لە رفراندۆمدا دەبینێتەوە

هوشیار زێباری وەزیری دەرەوەی حکومەتی کاتی عێراق لە چاوپیکەوتنیکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی فاینانشال تایمزی بەریتانیدا لەڕۆژی 2 کانونی دووەمی 2005 رایگەیاند"رفراندۆم ئیعتباری سەرکردایەتی کورد دەهێنێتە ژێرپرسیار کاتێك دەمانەوێت بەیەك زمان قسەبکەین لەسەر چوون بەرەو ئەو پاداشتە گەورەیەی دیموکراسی ، فیدرالی و یەکێتی عێراق".

ئەم ڕاگەیاندنەی ئاشکرایەی زێباری نەك تەنها دەرخەری ڕاستی پابەندنەبون و باوەڕنەبونی سەرکردایەتی یەکێتی وپارتیيە بەوەی خەڵکی کوردستان چارەنوسی کوردستان لە رفراندۆمێکدا دیاری بکەن ، بەڵکو رفراندۆم بەبێ ئیعتبارکردنی قسەو بڕیاری خۆیان دەزانێت کە سەبارەت بە فیدرالی و یەکێتی عێراق داویانە. بەڵام قسە وبڕیاری خەڵکی کوردستان کە چەند ساڵە لەم رفراندۆمە نمونەیانەی کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان و ئێستاش بزوتنەوەی رفراندۆم لەڕۆژی هەڵبژاردنەکاندا دەنگیان بەسەربەخۆیی کوردستان و نەگەڕانەوە بۆ عێراق داوە ئیعتبارێکی نیيە لای زێباری و حزبە ناسیونالیستە دەسەڵاتدارەکان.

زێباری وەك بزنس مانێك دڵسۆزی بۆ پۆستی وەزارەتی درەوەی حکومەتە عێراقیەکەی لەوە نیگەرانی کردوە کە ئەم دوو ڕوویيەی یەکێتی وپارتی لەوەی لەلایەك زمانی فیدرالی و یەکیتی عێراق زمانی ڕەسمیانە و لەلایەکی ترەوە رفراندۆمیشیان وەك زمانێکی ناڕەسمی و کارتی فشار بەکارهێناوە ، کارێك بکات کە ئەو پاداشتە گەورەیەی زێباری چاوەڕوانی دەکا لە سەر حسابی سەپاندنی فیدرالی و یەکیتی عێراق بەسەر خواستی سەربەخۆیی خەڵکی کوردستاندا لەدەستی بدات وئەمجارە ئەو پۆستەی پێنەبەخشنەوە.زێباری ئاگاداری سەرکردایەتی کورد دەکا کە رفراندۆم ئیعتباری بڕیاری فیدرالی ویەکیتی عێراقەکەی حزبەکانی دەهێنێتە ژێرپرسیار و دەبێت رفراندۆم بخرێتەلاوە و،سەرەڕای هەر چەواشەکردنێکیشی چیتر ڕێگە نەدرێت بەباسکردن و دەرکەوتنی رفراندۆم.

یەکێتی وپارتی ئەگەر دڵنیابن لەوەرگرتنی ئەو پاداشتە گەورەیەی فیدرالی و یەکیتی عێراق پێیان دەبەخشێت و لە ئەنجامی هەڵبژاردندا چەند کورسیەکی حکومەتی عێراقیان دەست بکەوێت ، بێگومان زوو ئاگاداریەکەی زێباری جێبەجێدەکەن ونایەڵن رفراندۆم خەتی سووری ئیعتباری خۆیان ببەزێنێت و ئەوانەی لە بزوتنەوەی رفراندۆمدا تەنها لەم سنورە دیاریکراوەدا دەوردەگێڕن دەنێردرێنەوە بۆماڵەوە و دەوری مێژوییان بەسەر دەچێت و وەك کرێچیەك لەلایەن ئەم خاوەن ماڵانەی دەسەڵاتی کوردستانەوە داوای چۆڵکردن و ئاشبەتاڵیان لێدەکرێت . بەڵام تا ئەوکاتەی یەکێتی وپارتی لەم پاداشتە دڵنیا نەبن و جێگیر نەبن ئەوا لەپاڵ قسەی ڕەسمی فیدرالی ویەکیتی عێراقدا ، دەیانەوێت کۆنترۆلی مەیدانی رفراندۆمیش بکەن کە وەك ئۆپۆزسیۆنێکی وەزعی ئێستایە.

ئەم ئاگاداریەی زێباری نیشانەی ئەوەیە کە کێشمەکێشی خەڵکی کوردستان لە دوای هەڵبژاردنەکانەوە هەر لەگەڵ سیستانی و عەلاویدا نیيە لەسەر پاراستنی سەربەخۆیی ئێستای کوردستان و نەچوونەوە ژێرسایەی دەستور ودەسەلاتی عەرەبی و ئیسلامی لە عێراقدا بەڵکو کێشمەکێشی جەماوەری کوردستان لەگەڵ یەکێتی وپارتیشدایە لەسەر چارەنوسی کوردستان . ناڕەزایەتی بەرامبەر یەکێتی عێراق و نەچوونەوە ژێرسایەی دەوڵەتی قەومی وئیسلامی لە عێراقدا درەنگ یان زوو لە ئیعتباری یەکێتی و پارتی کەم دەکاتەوە و ئیعتباری رفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان و ئەو هێزانەی ئاڵاهەڵگری ئەم خواستانەن دەباتە سەرەوە. کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بۆ خۆئامادەکردن لەم مەیدانەدا جەماوەری کوردستان و هێزی هاوپشتی نێونەتەوەیی بەدەوری کۆنگرەیەکی جەماوەری رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستاندا کۆدەکاتەوە.

05/02/2005

**چاوپێکەوتنی رفراندومی هەفتانە لەگەڵ نوێنەرانی کەمپینی رفراندوم.. وەڵامی هیدایەت مەلاعەلی .....**

پاشماوەی لاپەرە 6 :

هەر وەها هەوڵ دەدەین پشتیوانی نێونەتەوەی بۆ ڕسواکردنی ئەم هەڕەشانە ڕابکێشین و پێشنیاری حکومەتی غەیرە مەزهەبی و غەیرە قەومی دەخەینە بەر دەستیان .

**وەڵامی پرسیاری دووەم** : سەبارەت بەوەی کە چ ئاسۆیەك لەبەردەم کاری خۆتاندا دەبیننەوە ئەوەی تاکو ئێستا ئێمەی جوڵاندبێت و توانیبێتی هیوایەکمان بداتێ ئەو ئاسۆیە بووە کە لەبەر چاومان بووە . بەڵام بەڕەئی من ئیتر لە مەولا تەنها بینینی ئاسۆ بەس نیە بەڵکو دەبێت هەوڵ بدەین خەڵك شەریك بکەین لەگەڵ ئاسۆیەك کە هەمانە چونکە ئەم کارە تەنها بەچەند کەسێك ناکرێت و کاری کۆمەڵگایە . من ئاسۆی ئەم بزوتنەوەی کە بەڕێمان خستووە زۆر ڕۆشن ئەبینم چونکە ئاسۆیەکە دەتواتنێت وەڵام بە کێشەو مەسەلە گرنگەکانی کۆمەڵگا بداتەوە . سەبارەت بە پێکهێنانی ڕێکخراوێکی جەماوەری بەناوی "کۆنگرەی ڕفراندۆم بۆ سەربەخۆی کوردوستان " ئەمە ئەرك و کارێکی تەواو حەیاتی ئەم قۆناغەیە بۆ خەڵکی کوردوستان و بۆ بزوتنەوەکەش . ئێمە لەم قۆناغەدا پێویستمان بە کاری چڕو پڕو میکانیزمی گونجاو کارساز هەیە تاکو بتوانین وەڵام بەو کارانە بەینەوە کە لەسەر شانمانە بە ڕەئی من ئەم ڕێکخراوە ئەتوانێت ئەم کارانە بکات وە من هەر لێرەوە بانگەوازی سەرجەم خەڵکی کوردوستان دەکەم کەبێن و لە دەوری ئەم ڕێکخراوە کۆ ببنەوە ئەمە تەنها ئەو وەسیلەیەیە کە ئەتوانێت لە هەڕەشەکانی سیستانی و شۆڤێنیەتی عەرەبی بیانپارێزێت نەك ئەوەی کام سەرکردەی ناسیۆنالیست دەبێتە سەرۆکی حکومەت یان سەرۆکی کۆمار .

# دژی هەڕەشەکانی سیستانی بۆ سەپاندنی حکومەتی ئیسلامی ڕاوەستن

پاشماوەی لاپەرە 1 .....

چارەنوسە ڕەش و بێمافیەیە کە خەڵکی ئیران نزیك بە سی ساڵە بەدەست جمهوری ئیسلامی ئیرانەوە تالاوەکەی دەچێژن. سەپاندنی یاسای کۆنەپەرستانەی ئیسلامی و سەرکوتی مافی خەڵکی کوردستان و بێمافی ژنان و نەبونی ئازادی بیروباوەڕ و نەبونی ئازادیە فەردی و کۆمەلایەتیەکان و هتد.. ئەمە بەرنامەی سیستانی وئیئتلافەکەیەتی ودەیانەوێت بەناوی ئەو دەنگدانەی هێناویانە ئەم دەستور ودەسەلاتە کۆنەقپەرستانەیە لە عێراقدا بسەپێنن.

کەمپینی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان جەماوەری ئاگادارکردەوە لەم ئاکامە زیانبارەی هەڵبژاردن کە دەسەلاتی ئیسلامی وعەرەبی بەسەر خەڵکی کوردستانی دەسەپێنرێ و ئێستاش ئەمە دیاری وپاداشتی دیموکراسی وفیدرالی ویەکێتی عێراقە کە یەکێتی وپارتی لە هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە پێشکەش بەخەڵکی کوردستانی دەکەن. بێگومان شەڕی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان وعێراق دژی سیستانی و ئیئتلافە ئیسلامیەکەی دەست پێدەکات و نەسەپاندنی ئەم دەسەلاتە کۆنەپەرستانەیە مەیدانی ئەم کێشمەکێشەیەیە.

کەمپینی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان ڕێگای سەرەکی شکست پێهێنانی ئەم هەولانەی سیستانی وئیئتلافە ئیسلامیەکەی بۆ سەپاندنی حکومەتی ئیسلامی وعەرەبی بەسەر خەڵکی کوردستاندا بە بەرپاکردن و ڕاگەیاندنی رفراندۆم و جیابونەوەی کوردستان لە عێراق دەزانێت و لەم پێناوەدا جەماوەری ناڕازی کوردستان بەرامبەر بەهەڕەشەکانی سیستانی بانگەوازدەکات بۆ هاتنە مەیدان لە پێناو سەپاندنی خواستی رفراندۆم وسەربەخۆیی کوردستاندا و کردنی بە ئەمری واقیع لە ئێستادا. ئەمە تەنها ڕێگای پاراستنی مافی چارەنوس وسەربەخۆیی کوردستانە و نابێت ڕێگە بە سازش و مساوەمەی یەکێتی وپارتی بدرێت بۆ ژێردەستەکردنەوەی خەڵکی کوردستان و قبوڵکردنی چوونە ژێرسایەی حکومەتی ئیسلامی وعەرەبی لە عێراقدا.

کەمپینی رفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان بانگەوازی جەماوەری کوردستان و لایەنە سیاسی وجەماوەریەکان و کەسایەتیەکان و ڕێکخراوەکانی ژنان وە هەروەها هێزی هاوپشتی نێونەتەوەیی خەڵکی کوردستان لە ئەحزاب و پەرلەمان و پەرلەمانتار وکەسایەتیە جیهانیەکان و ناوەندەکانی ڕاگەیاندن دەکات بۆ پشتیوانی کردن لەم کەمپینە دژی هەڕەشەکانی سیستانی کە لە ماف وچارەنوسی خەڵکی کوردس‌تان وژنان وئازادی لە عێراقدا دەکات .

**کەمپینی رفراندوم بۆ سەربەخۆیی کوردستان** 08/02/2005

**کۆمەك بە کۆنگرەی رفراندوم**

**ئەم کۆمەکانەی خوارەوە لە لایەن فازل عوسمان—لە سویسرا کۆکراوەتەوە**

احمد لەتیف......20فرەنک.....سویسرا/سەتگالن
تۆفیق فەرەج.....10 فرەنک......سویسرا/بێرن
ازاد سلیمان......10 فرەنک.......سویسرا/بێرن
هۆشیار قادر....10 فرەنک.....سویسرا/ زیوریخ
ارام بازل....20 فرەنک........سویسرا/بازل
دلارام .........20 فرەنک........سویسرا/بێرن
اندیا...........10 فرەنک.........سویسرا/ اراو
عەلی فەرەج....10 فرەنک.......سویسرا /اراو
جمال کۆشش.......30فرەنک.......سویسرا/بێرن
سردار چاوشین....20 فرەنک..سویسرا/سەتگالن
کارزان عەلی..10 فرەنک.......سویسرا/سەتگالن
شوان ......10 فرەنک........سویسرا/سەتگال
احمد عەلی.....30 فرەنک.......سویسرا/خور
پیمان کریم ....10 فرەنک ...سویسرا/ فریبۆرگ

**کەمپینی رفراندوم زۆر دەستخۆشانە لە هەموو ئەو بەرێزانەی سەرەوە دەکات بۆ پشتیوانی و کۆمەکیان**

## چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاسۆ کەمال .....

پاشماوەی لاپەرە 2

هەرچۆن ئەم چەند ساڵە لە ناساندن و بەرزکردنەوەی ئەم دەنگی رفراندۆمەدا دەستپێشکەریمان کردوە و جدی بون لەم کارەشدا بەو ڕۆحیەت و تەوەقعەوە کاردەکەین. ئێستا ئەنجامی پێنج ساڵ کاری بەردەوامی خۆمان لەسەر رفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان دەخەینە خزمەت دامەزراندنی ئەم کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستانەوە تاکو بتوانین بەو ئەرکە گەورە و گرانە هەڵسین.

**رفراندۆمی هەفتانە: هەنگاوی ئێوە دوای ڕاگەیاندنی کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان چیە؟**

**ئاسۆ کمال :** بێگومان وەك دوای ڕاگەیاندنی کۆنگرە ئێمە وەك کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان درێژە بەکارەکانمان نادەین و لەژێرناوی کۆنگرەدا کاردەکەین و هەموو هێزی سیاسی و مادی و مەعنەویمان دەکەینە بەردی بناغەی ئەم کۆنگرەیە . ئێمە نەخشەیەکی هەمەلایەنی سیاسی و ڕێکخراوەی دەخەینە ڕوو بەداوی دەرچوونی بەیانی دەستەی دامەزرێنەری کۆنگرە و لەوێدا ستراتیژ و ستراکتەری ڕێکخراوەکە دەبینن و هاوکات کاردەکەین بۆ ناساندنی کۆنگرە لە کوردستان و لەدرەوە و دوای ماوەیەکیش کۆنگرەی دامەزرێنەر دەگرین. هەرلێرەوە بانگەوازی خوێنەرانی رفراندۆمی هەفتانەش دەکەم بۆ پەیوەست بون بە کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستانەوە .

**سەرووتار** ........پاشماوە ل 1

یەك دەسەلات بن کە ئەویش دەسەڵاتی دەوڵەتی ئیسلامیە.

هەرچی وەعدەو بەڵێنێکیش کە لە ئەمریکاوە لە ماوەی چەند ساڵی رابردودا بە خەڵکی کوردستان دراوە بۆ پاراستنیان لە دەست دووبارەنەبوونەوەی ستەمی نەتەوایەتی کردۆتە بڵقی سەر ئاو بە ڕێگە خۆشکردن بە هاتنە سەرکاری جمهوریەکی ئیسلامی لە عێراقدا و بەم پێیە مافەکانی خەڵکی کوردستان بۆ دیاری ردنی چارەنوسی خۆیان کراوەتە قوربانی یاری و مامەڵە سیاسیەکانی ئەمریکا لەگەڵ ئیسلامی و ناسیونالیزمی عەرەبدا . هەر بۆیە تاکە ڕێگە چارەی خەڵکی کوردستان کارکردنە لە پێناو سەلماندنی مافی رفراندوم بۆ جیابوونەوەی کوردستان و سەپاندنی بەسەر هەر دەستور و دەسەلاتێکی ئایندە لە عێراقدا.

## رفراندومی هەفتانە لە نوێنەرانی کەمپینی رفراندوم بۆ سەربەخۆیی کوردستان پرسیار دەکات :

**یەکەم : ئاکامی هەڵبژاردنەکانی عیراق ئەوەبوو کە سیستانی هەڕەشەی سەپاندنی حکومەتی ئیسلامی لە عێراقدا ڕاگەیاندوە ، ئیوە وەك نوێنەرایەتی کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان چیتان لە دەستوری کاری خۆتاندا داناوە تا دژ بەم هەڕەشانە بیکەن؟**

**دووەم: وەك نوێنەرایەتی کەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان چ چاوەڕوانی و ئاسۆیەك لەبەردەم کاری خۆتاندا دەبیننەوە کە ئێستا چالاکانە خەریکن ئاستی چالاکیەکانتان دەگوێزنەوە بۆ پێکهێنانی رێکخراوەیەکی جەماوەری و خاوەن پشتیوانیەکی نیونەتەوەیی کە ناوتان ناوە (کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان)؟**

### سیروان ئەمین–فنلەند

**وەڵامی پرسیاری یەکەم :** سەرەتا سوپاسی رۆژنامەی ڕیفراندۆم دەکەم بە تایبەتی کە لە ماوەیەیی پێشتردا بە شێوەیەکی چڕ و ڕێک ژمارەکانی بڵاو دەکردەوە ، سەبارەت بە پرسیاری یەکەم ئیمە وەک نۆێنەری کەمپین بەهەر شێوەیەک بۆمان بکرێت دەستمان ڕابگات دژایەتی ئەم هەوڵەی سیستانی و ئیسلامی شیعە دەکەین لەوانە دانانی سیمینار و نوسینی وتار و پەیوەندی کردن بە ئەحزاب و کەسیەتی سیاسی چەپ و ئازادی خواز لە سنوری چالاکی خۆماندا کە من لە فینلاند دا دەنیشم بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەکمان پێک هێناوە ، هەروەها تەرجومە کردنی باسەکانی کەمپینی ڕیفراندۆم بۆ زمانی فینلەندی و بڵاو کردنەوەی لە میدیاکانی ئێرەدا.

**وەڵامی پرسیاری دووەم:** بۆ وەڵامی دووەمی پرسیارەکەتان دەمەوێت ئەوەبڵێم ئەمەیان بە ندە بە کاری ئێمەو خەڵکانێک هەیە کە ئامادە نین و نامانەوێت عێراق وەک ئێرانی لێ بێت و تەوژمی ئیسلامی سایە بکاتە سەر کۆمەڵگادا ، ئێمە هەوڵ دەدەین زۆرترین خەڵکانێک ئاوێتەی ئەم کەمپینە بکەین بە تایبەتی لە دەرەوەی وڵات دا کە کارکردێکی گرنگی دەبێت لیرەشەوە ئەم ڕێکخراوە مەودایەکی جیهانی پەیدا دەکات ، من پیم وانی یە کە کۆمەڵگایی عێراق کۆمەڵگایەگ بێت ئەم جۆرە لە دەسەڵات قبوڵ بکات سەرەڕای هەموو ئەو تەبلیغات و پڕوپاگەندەی هێزە ئیسلامیەکان و هاوکاری وڵاتە کۆنە پەرستەکان بەتایبەتی کوردستان کە گۆرەپانی کاری کەمپینەکەمانە ئەم فاکتەرەش پاڵپشتێکی گەورەیە دەکرێ کاری زیاتری لە سەر بکات.



**فازل عوسمان - سویسرا**

**وەڵامی پرسیاری یەکەم :** پێم خۆشە سەرەتا ئەوە بڵێم ،کە بۆ من وە بۆ جەماوەری ئازادیخوازی هەموو عێراق، بە گشتی ، وە کوردستان بەتایبەت، ئەوە مەعلوومە کە ئەدەواتەکانی سیناریوی ڕەش ،هیچ فەرقیان نیە ،دوێنی یاوەری کۆنە پەرست،ئەمرۆ فۆتۆکۆپی یەکەی خومەینی {سیستانی}، پاروپێراریش بارزانی و تاڵەبانی،کە ئەم ئەدەواتانە،نەک هەرکۆمەڵگایان پێ ڕێکناخرێت ،بەڵکو سەراپای کۆمەلگایان غەرقی خوێن کردووە، بە بێ هەڕەشە و گوڕەشە مەحالە خۆیان ڕگرن،لەلایەکی ترەوە ڕاستی و سادەیی وبەڵگە نەویستی قسەکانی ئێمە ئیسپات دەکات ،کە هەرچی زووتر جەماوەر بخرۆشێنین هێشتا درەنگە،بۆ کوتانی ئەم ئەدەواتانەو توندکردنی فشار و ڕسواکردنی زیاتر و بەردەوام،لە هەر جێگایەک پێمان دەکرێت ،تەخسیر نەکەین ،من لەم شارەی خۆم ،وە لە سەر ئاستی سویسرا ،لە ناو جالییەی کوردستانی ،وە عێراقی ،وە لە گەڵ کەسایەتی یە سیایی و ئینسان دۆستەکان بە گشتی ، وە بە کۆمەک و هاوپشتی ڕێکخراوە ئازادیخوازو جەپەکان ،لە کارو چالاکی بەردەوام داین ، لە ناساندن و ڕسوا کردنی زیاتری ئەداواتەکانی ئەمریکا هەر وەکوو پێشوو تر ووتم، کە خەریکە عێراقێکی ئیسلامی و عروبی سازدەداتەوە، کە گوومانی تیا نیە،هەڕەشەکانی سیستانی هەڕەشەیەکی مەزهەبی یە، بە دوای هەڕەشە قەوم پەرستی یەکەی یاوەر ،کێشەی نەتەوایەتی خەڵکی کوردستان ئەمجارە دەکەوێتە نێوان هەردوو سەری ئەم مەنگەنە ژەنگاوی یە ،کە ئێمە دەمانەوێت تێک و پێکی بشکێنین، وە لە چالاکی بەردەوام داین ،بۆ نموونە مانگانە کەمپینی چادر هەڵدان بە مە بەستی ناساندن و ڕاکێشانی هاوپشتی کە سایەتی و لایەن و ئەحزابی ئەورووپی بۆ پشت ئەم ئەرکە ڕەوایەی خەلکی کوردستان، بۆ ئەنجام دانی ڕیفراندۆمێک بە پشتیوانی یەکی نێونەتەوەیی یەوە لە کوردستان بۆ خواستئی لە مێژینەی سەربەخۆیی.

**وەڵامی پرسیاری دووەم:** : دیسانەوە دەمەوێت یەوە بڵیم ،بۆ من پێکهاتنی {کۆنگرەی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان}،بەری ڕەنج و خەباتی کەمپینی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستانە ،کە مانای فراوان بوونەوەی بازنەی خۆزگەو هیواکانی جەماوری خەڵکی کوردستان دوو پات دەکاتەوە، بە دڵنیایی یەوە ،کەمپین جونکە زۆر بە سافی و ووردی تۆن و ئاوازی دڵی خەڵکی کوردستانی بیست ،بۆیە کۆنگرەی ڕیفراندۆم پێک دەهێنێت، تا سەربەخۆیی پی بسێنێت،ئەمە چاوەڕوانی هەموو خەڵکی کوردستانە، ئاسۆ کەی زۆر ڕوونە بە دڵنیاییەوە زۆری پێناچێت کە جەماوەری کوردستان لە شارو لادێکان پۆل پۆل پەیوەست دەبن بە کۆنگرەوە، بۆ ئاشبەتاڵی یەکجاری ئەحزابی قەومی، کۆنگرە ڕاپەڕینێکی ترە ئەمجارە جەماوەر خۆی پێکیهێناوە ،خۆشی سەرکردایەتی دەکات ،ڕێکی دەخات ،وە هێزی چەکدارێشی لە چاو نوقانێکدا بۆ دێتە مەیدان.من ئەرکمە بەم هیوایەوە کار بکەم چ لە دەرەوە چ لە ناوەوەی کوردستان .

★

## ڕونكردنەوەیەك سەبارەت بە رفراندۆمی هەفتانە

”رفراندۆمی هەفتانە“ بڵاوكراوەی كەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی كوردستانە . تا ئێستا 16 ژمارەی بەبەردەوامی دەرچوە كە تا ژمارە 15بە هەوڵ و كاری ماندونەناسانەی هاوڕێ محسن كريم دەركراوە.

ئەم ئەركی سەرنوسەریە لەلایەن كەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی كوردستانەوە بە هاوریٚ محسن كەریم سپێردرا بوو ، ئێستاش لە دوای ئەوەی كە ئاگاداری كردین كە ناتوانیٚ بەردەوام بێت ئەم ئەركە بە هاوڕێ پرشنگ احمد سپێردراوە.

لەژمارەی پێشوودا بەهەڵە ئەم دوو شتە تێكەڵ كراوە كە پێویستی بەم ڕونكردنەوە وڕاستكردنەوە هەیە. هاوڕێ محسن كريم كاری خۆی وەك سەرنوسەر ڕاگرتوە كە مافی شەخسی خۆیەتی بەلام كەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی كوردستان مافی دەركردن و ڕاگرتنی ”رفراندۆمی هەفتانە“ی هەیە و ئەم بلاٌوكراوەیە تاكو مانەوەی كەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی كوردستان درێژە بە دەرچوونی خۆی دەدات.

ئێمە داوای لێبوردن لە خوێنەرانی ”رفراندۆمی هەفتانە ” دەكەین بۆ ئەم هەڵەیە.

**كەمپینی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی كوردستان**



چاوپێكەوتنی رفراندومی هەفتانە لەگەڵ نوێنەرانی كەمپینی رفراندوم..

پاشماوەی لاپەرە 4

## هیدایەت مەلا عەلی نوێنەری كەمپینی رفراندوم لە دانمارك

**وەڵامی پرسیاری یەكەم:** ڀشەكی زۆر سوپاستان ئەكەم بۆ ئەم فرسەتە . ئەوەی لە عێراق ڕوویدا هەڵبژاردن نەبوو بەڵكو وەرگرتنی پەنجە مۆر بوو بۆ عەمەلی كردنەوەی ئەم هەڕەشانەی كە سیستانی و هاوشێوەكانی دەیكەن لە خەڵكی عێراق و كورد وستان . ئەگەر تا دوێنیٚ بەردەم زانكۆكانیان دەگرت و هەڕەشەیان لە كچان و ژنانی سفور دەكرد ئەوا ئێستا دەیانەو ێت ئەم تاوانە بكەن بە یاساو بە فەیلەقی بەدر جێبەجێی بكەن .حكومەتی ئیسلامی كە لەلایەن سیستانی و مەكتە بەكەیەوە بانگەشەی بۆ دەكرێت بەكردەوە بەمانای سەركووت كردنی سەرەتایترین مافەكانی ئینسان ئەگەر پێكهێنانی دەستور و حكومەتی ئیسلامی بۆ هەر وولاٌتێك كە خەبەری لە جمهوری ئیسلامی ئێران نەبێت لەوانەیە لێكۆڵینەوە هەڵگرێت بەلاٌم بۆ ئێمە بۆ خەڵكی عێراق و كوردوستان كە ئەزمونی تاڵی جمهوری ئیسلامی ئێران هەتا سەر ئێسقانمان هاتووەو بەتوندی ئاگاداری ئازارەكانی خەڵكی ئێرانین وە ئاگادارین ژنان و لاوان و سەرجەم خەڵكی ئازادیخواز لە چ مەئەساتێكدان ئەبێت هەڕەشەكانی سیستانی زۆر بە جیدی وەرگرین و گوێی خۆمانی لیٚ نەخەوێنین . سیستانی دەیەوێت دەستەوتاقمەكەی جێگای خامەنەئی و ڕەفسنجانی بگرنەوە سیناریۆیەكی ڕەشیش كە ئەمەریكا سازیدا ئەگەر لەلایەن بەرەی ڕادیكاڵ و ئازادیخوازی كۆمەڵگاوە بەری پێنەگیرێت هەر ئەمە ئەنجامە كەی دەبێت . لەم قۆناغەدا ئەركەكانی ئێمەو كۆمەلاٌنی خەڵك قورسترە و دەبێت زۆر لە جاران زیاتر لە دەوری یەكتربین چونكە هەڕەشەیەكی ترسناك لە بەردەمانە حكومەتی ئیسلامی تەنها هەڕەشە نیە لە من یان لە ڕێبوار ئەحمەد بەڵكو هەڕەشەیە لە ئازادی , لە ژن , لە مناڵ , لە هونەر , لەهەر دیاردەیەكی ئینسانی و دڵنشین لای خەڵكی عێراق و كوردوستان . بۆیە ئێمە وەك نوێنەرانی كەمپینی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆی كوردوستان وەك هەموو كارەكانی ترمان خەریكی ڕسواكردن و شكست پێهێنانی ئەم پرۆژە كۆنەپەرستانەیەین . بۆ ئەمەش هەوڵ دەدەین سەرنجی خەڵك لە دەرەوە بە جدیەوە بەرینە سەر ئەم مەسەلەیەو بانگەوازیان دەكەین كە بێن و لە گەڵ ئێمە كار بكەن .........

بۆ لاپەرە 3




